# هاردێکی خێرا و ستایلێکی ناوازە



هارددیسکی پورتێبڵ یان بە واتایەکی دیکە هارددیسکی دەرەکی بۆ هەڵگرتن و راگرتنی داتـاکان گرنگـی زۆری هەیـە، جیـاوازی هارددیسـك لەگـەڵ فـلاش میمـۆری لەوەدایـە، هارددیسك زیاتر بۆ ئەرشیف و هەڵگرتنی داتاکانە، فلاش بۆ راگواستنی داتاکانە...

کۆمپانیـای asus لـەم ماوەیـەدا هارددیسـکێکی خێرا و ناوازەی بەنـاوی asus FX بەهەرم هێناوە، ئەوە یەکەم هارددیسکە کە لە تایبەتمەندی Aura Sync RGB سوود وەردەگرێت، ئەم تایبەتمەندییە ستایلی هارددیسـکەکە جوان و ناوازە دەکەن و بە گلۆپی رەنگاو رەنگ کە هەموو رەنگێکی جیهان لەخۆیان دەگرن رازاوەتەوە.

هارددیسـکی ناوبـراو قـەوارەی یـەك ترابایتـی و دوو ترابایتـی هەیە، بۆ راگواسـتنی داتـاکان لـە کەلێنـی USB 3 سـوود وەردەگـرێ، ئـەم تایبەتمەندییـە وا دەکات بـە خێرایی ٥ گیگابایت لە چرکەیەکدا داتاکان رابگوازێت، هەروەها سیسـتەمی ئەمنییەتی بۆ هەڵگرتنی داتاکان لەو هاردەدا زۆر بەهێزە.



# لینۆڤۆ و کۆمپیوتەرێکی یەک پارچە

کێشـەیەکی گـەورە لـە کۆمپیوتەرەکانی جۆری ویندۆزدا هەیە ئەویش ئەوەیە پارچەکانی جیان، واتە شاشە بە جیا، کۆمپیوتەر بە جیا و سپیکەر و ئامێرەکانی دیکە بەجیا.. کۆمپیوتەری جۆری ماك یان ئەپل ئەو کێشەیان نەبووە و بە زۆری یەك پارچەن.. لەم چەند ساڵەدا کۆمپیوتەری یەکپارچەی ویندۆزیش بەرهەمهاتوون و بەرەبەرە کۆمپیوتەری چەند پارچە نامێنێ.. کۆمپیوتەرە یەك پارچەکان کە بە جۆری (All-in-One) ناسراون، لە پیشانگای ئەمسـاڵی CESدا شـوێنێکی بەرچاوی هەبـوو. کۆمپانیـای لینۆڤۆ لـەم پێشانگایەدا کۆمپیوتـەری جـۆری یـۆگا A٩٤٠ خستەڕوو. کۆمپیوتەرەکە بەبێ کەیسـە و ٢٧ ئینجە بەتایبەتـی بـۆ کاری گرافیکـی و نەخشەسازی سوودی زۆری لێدەبیندرێ.

لەم کۆمپیوتەرە دوو جۆر بەرهەم هاتوون، Yoga A940 کە شاشەکەیان لە جۆری QHD یان K٤ن. قەڵەمێکی تایبەتیان لەگەڵدایـە کە دەکرێت بۆ کاری گرافیکی سوودی لێببیندرێ. پرۆسیسـەرەکەی لە نەوەی هەشتەمی Core i7ە. رامەکەی ٣٢ گیگایە و هاردەکەی دوو ترابایتە. کێشی کۆمپیوتەرەکە لـە شـەش کیلـۆ زیاترە. خاڵێکی جێگای سـەرنجی کۆمپیوتەرەکە ئەوەیە کە بەشـێکی بچووکی هەیە بۆ ئەوانەی کاری نەخشەسـازی و دیزاین دەکەن سـوودی زۆری هەیە، ئەو بەشـە بە precision dial ناسراوە، دەکرێت لە هەر شوێنێك کە بەکارهێنەر حەزی لێدەکات دایبنێ، ئەم بەشە بۆ رێکخستنی سایزی قەڵەم و زۆر کاری دیکە سوودی لێوەردەگیرێت.




## کاتژمێر بۆ پێوانەی فشاری خوێن


نەخۆشیی فشاری خوێن و شەکرە دەکرێ بڵێین باوترین نەخۆشیی ئەم سەدەیەن، بەهۆی بێ جوڵەیی جەستە و نەبوونی خۆراکی تەندروست و نیگەرانی و خەمۆکی ئەو نەخۆشییانە لەم سەردەمەدا رۆژ بە رۆژ زیاتر دەبن، هەرچەندە ئێستا ئامێرەکانی تێستکردنی فشاری خوێن و شەکرە بە ئاسانی بەردەست دەکەون، بەڵام هیچ کام لەو ئامێرانە بەردەوام لەگەڵ نەخۆشەکەدا نین و دەبێت نەخۆش خۆی رۆژانە بەهۆی ئەو ئامێرانەوە تێستی خۆی بکات.. ئامێر یان راستتر بڵێین کاتژمێری سمارتی جۆری OMRON HEARTGUID بەردەوام لەگەڵ بەکارهێنەرەکەیدایەو فشاری خوێنی بەکارهێنەرەکەی دەگرێت، ئەم کاتژمێرە لەلایەن کۆمپانیای Omron بەرهەم هاتووە، کاتژمێرەکە داتاکانی تایبەت بە فشار بۆ مۆبایلی بەکارهێنەرەکەی بەرێ دەکات و تەنانەت لەکاتی نووستنیشدا فشاری بەکارهێنەرەکەی دەپێوێت. کاتژمێرەکە جگە لەوە بۆ رێکخستنی جەستە و رێنمایی کردنی تەندروستی وەك پێوانی هەنگاو، رێژەی سووتانی کالۆری، مەودای رۆیشتن و زۆر ئەرکی دیکەی تایبەت بە وەرزش و جوڵە سوودی لێوەردەگیردرێت.

## لەو شاشەیەوە کۆنترۆڵی ئامێرەکانی ماڵەوە بکە

لە داهاتوویەکی نزیکدا گشت ئامێرەکانی ماڵەوە سمارت و هۆشمەند دەبن، پێویست ناکات کەسێك هەستێت دوگمەی کوژانەوەی گلۆپەکان دابگرێ، یان بە ریمۆت کۆنترۆڵ تەلەڤزیۆن و سپلیتەکەت بکوژێنیەوە، ئامێرەکانی دیکەش هەر بەم شێوەیە، هەموویان تەنیا لە رێگای یەك ئامێرەوە کۆنترۆڵ دەکرێن، ئەویش نەك بە دوگمە بەڵکو بەکارهێنەر یان لە رێگای دوورەوە و بەهۆی مۆبایلەکەی یان لە نزیکەوە بە دەنگی خۆی فەرمانەکان جێبەجێ دەکات.

ئامێری جۆری ADT Command بۆ ماڵە سمارتەکانە.

ئامێری ناوبراو لە پێشانگای ئەمساڵی CESدا نمایش کرا، ئامێرەکە لە شاشەیەکی ٧ ئینجی لەمسی پێکهاتووە و لەگەڵ گشت ئامێرە دیجیتالییەکانی ماڵەوە بەشێوەی وایەرلەیس دەبەسترێتەوە، ئەم ئامێرە زیاتر لە ٢٥٠ ئامێر دەناسێت و کۆنترۆڵیان دەکات. ئەم شاشە دیجیتالییە سمارتە کامێرایەکی سمارتی هەیە و گشت ئەندامانی ماڵەوە دەناسێتەوە و هەروەها حاڵەتە نائاساییەکانی وەك ئاگرکەوتنەوە، کرانەوە و داخستنی دەرگاکان، هەڵبوون و کوژانەوەی گلۆپ و ئامێرەکانی ماڵەوە دەزانێت. ئەم سیستەمە هۆشمەندە لەگەڵ گوگڵ هۆم و ئامازۆن و ئەلیکسا دەبەسترێتەوە.





## نوێترین لاپتۆپی هێربرێدی ئاسۆس

کۆمپانیای asus لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٩دا لاپتۆپێکی گەیمینگی خستەڕوو کە تایبەتمەندییەکانی سەرسوڕهێنەرن! لاپتۆپی گەیمینگ بەم لاپتۆپانە دەگوترێت کە سەختە ئامرازەکانیان بەهێزن و زیاتر بۆ یاری ئەلکترۆنی زۆر قورس سوودیان لێدەبیندرێ..

یەك شت لەم لاپتۆپە نوێیەدا جێگای سەرنجە شاشە گەورەیەکەیەتی، شاشەکەی ١٧,٣ ئینجە.

لاپتۆپی هێربرێدی ئاسۆس بە ASUS ROG Mothership GZ700GX ناسراوە، هێربرێدییە، ئەم وشەیە بەم مانایە دێت کە شاشەکە لە کیبۆردەکە جیا دەبێتەوە و راستەوخۆ دەبێتە تەبلێتێکی مەزن. کارتی شاشەکەی زۆر بەهێزە لە جۆری ئەنۆڤیدیایە و ٨ گیگابایت رامەکەیەتی. خێرایی لاپتۆپەکە ٤,٣ گیگایە.

رامی لاپتۆپەکە ٦٤ گیگابایتە و پشتیوانی لە چوار میمۆری SSD دەکات واتە شوێنی داکردنەکەی بە ویستی بەکارهێنەرەکەیەتی کە چەندە بێت. کێشی لاپتۆپەکە زۆرە بە قەد کۆمپیوتەرێکی سەر مێز دەبێت چونکە کێشی ٧ کیلۆ بۆ لاپتۆپ یەکجار زۆرە..

## پرۆگرامێک بۆ دابەزاندنی ڤیدیۆ لە ئینتەرنێت

زۆر جاران فیلمێك لە ئینتەرنێتدا سەرنجت رادەکێشێ، بەڵام لەو کاتەدا ناتوانی و کاتت نییە سەیری فیلمەکە بکەی و دەتەوێ دایبەزینی و دواتر سەیری بکەی، بەڵام هەرچەندی دەکەی دوگمەی دانلۆدی نییە، یان فیلمەکە لەسەر سایتی یوتیوب یا فەیسبوکە کە ناتوانی دایان بەزێنی، بۆ ئەم مەبەستە پرۆگرام و سایتی تایبەت هەن بۆ دابەزاندنی فیلم لە ئینتەرنێتدا. یەکێك لە پرۆگرامە سەرکەوتووەکانی ئەو بوارە پرۆگرامی VSO Downloader Ultimate یەکێکە لە بژاردە باشەکان، ئەم پرۆگرامە قەوارەکەی بچووکە شێوازی بەکارهێنانی زۆر ئاسانە.

کاتێك سایتێك دەکەیەوە فیلمی ئۆنلاینی تێدایە، یان سەر لە ڤیدیۆکانی سەر یوتیوب و فەیسبوك دەکەی، پرۆگرامەکە راستەوخۆ چالاك دەبێ و توانای دابەزاندنی فیلمەکانی هەیە. پرۆگرامی ناوبراو پشتیوانی لە سەدان ماڵپەڕی فیلم و ڤیدیۆ دەکات وەك سایتەکانی (یوتیوب، فەیسبوك، سایتەکانی تایبەت بە فیلم...) نە تەنیا فیلم دەتوانی گۆرانی و فایلی دەنگیش بەو پرۆگرامە دابەزینی.






## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت چۆن دەکرێت زمانی گوگل کرۆم (google chrome) بگۆڕم بۆ ئەو زمانەی کە من دەمەوێت؟

خوێنەری بەڕێز ئێستا لە نێوان کۆمەڵە وێبگەڕە باوەکانی وەك ئیکسپلۆرێر، فایرفۆکس، ئۆپێرا، گوگل کرۆم دەکرێ بڵێین گوگل کرۆم لە هەموویان باوترە و بەکارهێنەری زیاترە چونکە تایبەتمەندییەکانی گەلێکن و بەکارهێنەر دەتوانێت بە ئاسانی بۆ زمانی مەبەستی خۆی هەڵیبژێرێ، بۆ گۆڕینی زمانی مەبەست سەرەتا کە گوگل کرومت کردەوە لەلای چەپ یان راست سێ خاڵی لەسەریەك دەبینی، کلیکی لەسەر بکە و لەودا بەشی setting هەڵبژێرە و دواتر بچۆ بۆ کۆتایی لاپەڕەکە و لەوێشدا کلیك لەسەر advance بکە، دواتر کلیك لەسەر lounge بکە و add lounge بکەوە، لە ناو زمانەکاندا زمانی مەبەستی خۆت هەڵبژێرە، ئینجا دوگمەی refresh دابگرە و پرۆگرامەکە دادەخرێت و دەکرێتەوە بەو زمانەی کە مەبەستتە...

# کامێرایەکی چاودێری هۆشمەند



کامێراکانی چاودێری ئەوەی لەم هەرێمەی ئێمەدا بە زۆری سوودی لێوەردەگیرێ، هۆشمەند نین، تەنیا کامێران و بەردەوام فیلم هەڵدەگرنەوە، بەڵام لە پێشانگای ساڵانەی CESی ئەمساڵدا چەند کامێرایەکی چاودێری سمارت نمایش کران، یەکێک لەوانە کامێرای جۆری SimCam. کامێرای ناوبراو کەسەکان دەناسێ، حاڵەتە نائاسایی و ئاساییەکان لێکدەکاتەوە، گیانداری ماڵی و مرۆڤ لێك جیا دەکاتەوە، جیاوازییەکی دیکەی کامێراکە لەگەڵ کامێرا هۆشمەندەکان ئەوەیە کە دەکرێت پرۆگرامی بۆ دابندرێ، بۆ نموونە پێی بگوترێ لە کاتەکانی بەیانی زۆر لە شوێنێکی دیاریکراو وردبێتەوە و لەکاتەکانی ئێوارەدا لە دەرگای هاتنەدەر و چوونەژوور وردبێتەوە.

تەکنەلۆژی کامێراکە بە جۆرێکە تەنانەت پۆستەچی گەرەك و پاسەوانەکانیش دەناسێتەوە، ئەگەر دەرگایەك لەکاتێکی دیاریکراودا دانەخرابێ و بۆ نموونە لە شەودا ئاگاداری بەکارهێنەرانی دەکاتەوە کە فلانە دەرگا دانەخراوە، کامێراکە تەنانەت ئەگەر کەسێکی نامۆ لە شوێنەکە نزیك بێتەوە، جەرەس بۆ مۆبایلی بەکارهێنەرانی لێدەدات. کامێرای ئاماژە بۆ کراو لەبری هارد لە میمۆری کارت سوود وەردەگرێ. خودی کامێراکە سپیکەری هەیە کە دەکرێت پەیوەندی لەگەڵ بگری و پەیوەندی دوو لایەنەی هەیە، لە شەوی تاریکشدا فیلم هەڵدەگرێتەوە.



## سایتێك بۆ دروستکردنی ئینفۆگرافیك

لە سەرەتادا رەنگە زۆرکەس نەزانێت ئینفۆگرافیك (-Info graphic)چییە؟ ئینفۆگرافیك شێوازێکی سەرنجراکێشی نیشاندانی داتا و زانیارییەکانە، ئەگەر سەیری تەلەفزیۆنەکانتان کردبێ لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا، یان ئەوکاتانەی نیازیان هەیە زانیاری بەشێوەی ئامار و داتا بڵاوبکەنەوە، لەسەر شاشەکەیان شێوازێکی سەرنج راکێش بەکار دێنن، ئەم شێوازە پێی دەگوترێت ئینفۆگرافیك.. بۆ دروستکردنی (Infographic)پێویستە ئەوەی ئەم کارە ئەنجام دەدات دیزاینەر یان نەخشەساز بێ، بەڵام دەکرێت بەشێوەیەك ئاسان و لە پرۆگرام یان لەسایتی تایبەت بە ئینفۆگرافیك سوود وەربگرن، یەکێك لەم سایتانە سایتی canva.com دەبێ لەسەرەتادا ئەکاونتێك بۆخۆت بکەیەوە و پاشان بەشێوازێکی ئاسان ئینفۆگرافیکی مەبەستت دروست دەکەی.

# کیبۆردێک دەستکاریی دوگمەکانی دەکرێت

کیبۆرد پارچە گرنگەکەی کۆمپیوتەر، پارچەی پەیوەندیی نێوان بەکارهێنەر و کۆمپیوتەرە، بەبێ کیبۆرد ناکرێ سوودێکی ئەوتۆ لە کۆمپیوتەر وەربیگردرێ، کیبۆرد بە کوردی واتە تەختەی دوگمەکان و دەیان دوگمەی لەسەرە بۆ ئەنجامدان فەرمان و ئەرکەکان، شێوازی کارکردنی دوگمەکان جیاوازن، بە وایەر و بێ وایەر، بەڵام هەموویان بە جۆرێکن کە ناکرێت دەستکاری دوگمەکانی بکرێت واتە دوگمەکانی چۆن داندراون هەروان، راستە بەهۆی پرۆگرامگەلی جیاوە دەکرێت چۆنییەتی نووسینی کارەکتەرەکان بگۆڕی، بەڵام ئەو پیتانەی لەسەر کیبۆردەکە نووسراون دەستکاری ناکرێن.. کۆمپانیای نیمۆی فەرەنسی لە پێشانگای ساڵانەی CESدا کیبۆردێکی خستەروو کە پێکهاتووە لە ٨١ دوگمە، دوگمەکان بە ویستی بەکارهێنەر دەگۆڕدرێن.

کیبۆردی جۆری nemeio هەرکام لە دوگمەکانی دەگۆڕدرێن، چونکە هەر دوگمەیەك شاشەیەکی بچووکی E-inkە. نەتەنیا دوگمەکان بەڵکو فەرمانەکانیشیان دەگۆڕدرێ.

کیبۆردەکە پرۆگرامێکی تایبەتی خۆی لەگەڵدایە، کە بۆ ئەپەکانی مۆبایل و پرۆگرامەکانی فۆتۆشۆپ و مایکرۆسۆفت و تۆڕەکانی فەیسبوك و سکایپ هەرکام دوگمەی جیاوازی هەیە و ئاسانکاری زۆری تێدایە بۆ بەکارهێنەرانی. تەنانەت دەکرێت کارەکتەری تایبەت بە پرۆگرامێك دوگمەی تایبەتی بۆ دابندرێ.

نە تەنیا پیت و ژمارە و کارەکتەر، بگرە ئیمۆجیشی تێدایە و دەکرێت بەکارهێنەر بۆخۆی کاراکتەری جیا لەوانەشی بۆ دابنێت. بەشێوەی وایەرلەیس کار دەکات و لە هەر ئامێرێك پەیوەند دەدرێت و لە بلوتوس پشتیوانی دەکات بۆیە بۆ مۆبایل و تەلەفزیۆنیش دەگونجێت.

کیبۆردی نیمۆ بچوکە و بۆ گەشت و هەڵگرتنیش گونجاوە. بارستاییەکەی تەنیا ١١ ملمە. ئەو شوێنە بەرجەستەی سەرەوە بۆ دانانی باترییە.

